اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ مُنْكَرَاتِ الأَخْلاَقِ وَالأَعْمَالِ وَالأَهْوَاءِ

له قوتبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ مُنْكَرَاتِ الأَخْلاَقِ وَالأَعْمَالِ وَالأَهْوَاءِ». واتە: «خودایە؛ پەنات پێدەگرم لە هەموو ڕەوشت وکردەوە وئارەزوویەکی ناپەسەند وخراپ».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

یەکێك لە نزاکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بریتی بوو لە: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذ بِكَ:خودایە؛ پەنات پێدەگرم)؛ داوای دالّدە وبە هاناوە هاتن تەنها لە تۆ دەکەم نەك لە هیچ یەکێکی تر، (مِنْ مُنْكَرَاتِ:لە خراپەی)؛ ئەو شتانەی خودا وپێغەمبەرەکەی نەهیان لێکردووە، (الأَخْلاَقِ:ڕەوشتەکان)؛ وەکو حەسوودی وخۆبەگەورەزانین، (و)؛ خراپەی، (الأَعْمَالِ:کردەوەکان)؛ وەکو جوێن وتانەدان، (و)؛ لە هەموو (الأَهْوَاءِ:ئارەزووەکان)؛ کە نەفس ئارەزووی دەکات وپێچەوانەی شەریعەتە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5329